# ئینیگیە مارتینەزی یاریزانی بەرشەلۆنە بە ماوەی یەک مانگ لەیاریکردن دوور دەکەوێتەوە

یانەی بەرشەلۆنە پەکانی مارتینەزی راگەیاند و یەک مانگ لە یاریکردن دوور دەکەوێتەوە.

یانەی بەرشەلۆنە لە راگەیەندراوەکی فەرمیدا بڵاویکردەوە کە دوای ئەنجامدانی پشکنینە پزیشکییەکان دەرکەوتووە کە مارتینەز تووشی پەکانبووە لە ماسولکەکانی ڕانی راستیدا.

یانەکە ئاماژەی بەوداوە کە بەهەی ئەو پەکانەی کە تووشیبووە بەرگریکارە ئیسپانیەکەی یانەکەیان ماوەی یەک مانگ لە یاریگاکان دووردەکەوێتەوە و بەبەش دەبێت لە یارییەکان.

رونیشیانکردووەتەوە کە هیوادارن ئینیگیە بە خێرایی بگەڕێتەوە بە یاریکردن چونکە لەم وەرزدا یەکەکە لە ئەستێرەکانی یانەکەیان و سەرکردەی هێڵی بەرگریانە.

ئینیگیە مارتینەز لەم وەرزدا بەشداری لە 27 یاری بەرشەلۆنەی کردووە لەسەرجەم پاڵەوانێتییەکاندا، دوو گۆڵی تۆمارکردووە کە لە چامپیۆنز لیگدا بووە و دوو ئەسیستی هەیە.